## ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەبارەت:
## هەڕەشەکانی یەکێتی نیشتمانی، لە خەڵکی کوردستان بە یاساکانی حکومەتی قەومی بەعسی فاشست!

بەپێی دواین ژمارەی هەفتەنامەی هاوولاتی کە لە ڕۆژی 2006/3/22دا بلاوبۆتەوە، هەواڵیکی سەیرو سەمەرە بە خەڵکی کوردستان ڕادەگەیەنرێتو بەمانشێتی گەورە دەنوسێت"هەرکەسێگ بە سوتانی مۆنۆمێنتەکە تاوانبار بکرێت لە سێدارە دەدرێت". لەدرێژەی هەواڵەکە داو لە زمانی دادوەری لێکۆلینەوە " "کاروان وریا عەلی" دەنوسێت کە "کوردە ئەحمەد بە گوللە کوژراوەو بە تاوانی خۆپیشاندەران حیساب دەکرێت"و هەروەها بەرۆشنی  ئەم دادەوەرە پایە بەرزە نا ئاشنایە بەو یاسایەی کە قسەی لەسەر دەکات، پێمان دەڵێت"  هەرکەسێك تۆمەتبارکرا بە یاسای ژمارە 342 لەیاسای سزادانی عێراقی (دەستدرێژی کردنە سەر موڵکی دەوڵەت) ڕوبەڕووی سزای لە سێدارەدان دەبێتەوە.

لە ڕۆژی 16ئازاری ئەمسالدا، سالڕۆژی یادی 18ساڵەی گیمیایی بارانی هەڵەبجە، تاوانباری یەکەم یەکێتی نیشتمانی کوردستانە. یەکێتی دەیتوانی ئەوڕۆژە بەهێمنی تێپەرێنێتو هیچ ڕونەدا جگە لەوەی خەڵکی ئەمشارە کۆمەلیك داخوازی گونجاو ئینسانی خۆیان هەیەو پێویستە گوێیان لێبگیریتو وەلامیان بدرێتەوە بە شێوەیەکی پۆزەتیف. بەلام هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی دەستیان بەکوشتنو تەقەکردن کرد لە خەڵکی بێدفاعی ئەمشارە تەنها لەبەرئەوەی کە خۆپیشاندانیان کردوە!! بەلام لێرەدا ڕوبەڕووی بڕیاری سەیرو سەمەرەی "کاروان وریا عەلی "دەبینەوە کە دەلێ " کوردە ئەحمەد تەمەن 17ساڵ بەگوللە کوژراوە بەلام خۆپیشاندەران تاوانبارن" ئەم بڕیارە تەنها لە دوو ئینسان دەوەشێتەوە یان ئەوەتا بە زەبری زۆرو چەك بڕیاریکی وایان پێ ئیمزا کردبێت ، یان ئەوەتا وەکو دادوەرەکانی "مەحکەمەی سەورەی بەعس" وایەو ئەویش جەلادە. لە کاتێکدا" کوردە" بە گوللە کوژراوە، چۆن وەبەکام پێوانەیە، خۆپیشاندەران تاوانبارن. ئەگەر ئەمە بڕیاری ئەم دادەوەریە، ئەوە بێگومان تاوانبارە بە شاردنەوەی حەقیقەتیکی ئینسانی گەورە ئەمە بەجیا لەوەی کە ئەمە"تۆمەتێکە"و بەپێی ئەویاسا بەعسیەی کە خۆی بڕیاری پیداوە تاوانبارە.

بەلام یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەبەرانبەر تاوانەکەی خۆیدا لەرۆژی 16ی ئازاردا بەتەواوی پەشۆکاوەو سەری لێشواوەو نازانیت چی بکات! پەنا بۆ هەموو شتێك دەبات تەنها بۆئەوەی ئەگەر تۆزقالیکیش بێت ئەو ڕوداوە لەزەینی خەڵکی کوردستانو بەتایبەت خەلکی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیدا کاڵ بکاتەوە، هەربۆیە سوتانی مۆنۆمێنتەکە دەکاتە کیۆیك بەلام تەقەکردن لەخەلك ئەوە خەلك خۆی تاوانبارە!! ئەمە حوکمی خاوەن کۆیلەیە بەرانبەر بە کۆیلەکەی. بەلام ئەم دادوەرە هەروەکو یەکێتی نیشتمانی سەری لێشواوە باسی ماددەی 342لە یاسای سزادانی عێراقی حکومەتی بەعس دەکات. بەلام ئەم ماددەیە لە 4خاڵو خالی دووەمیشی لە 7 بەشی جیا پیکهاتوە، بەلام یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەوەندە رادیکاڵو پێشکەوتوە لە کوشتنو تەقەکردنو لە سیدەراندا هەربۆیە ڕاستەوخۆو زۆر ناشیانە خالی چوارهەمی هەڵبژاردوە کە بەدەق دەلێت"ئەگەر سوتانەکە بوە هۆی مردنی ئینسان ئەوا سزای سیدارە یان حوکمی ئەبەدی دەدرێت". کەواتە ئەگەر سوتانی مۆنۆمێنتەکە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئینسانی تیدا بمرێت، ئەوکاتە بەپێی یاساکەی بەعس ئینجا باس دێە سەر باسی لەسێدارەدانو تەنانەت لەو کاتەشدا یاساکەی بەعس بواریکی هێشتۆتەوە بۆ حوکمی ئەبەدی!! بەلام یەکێتی نیشتمانی پەشۆکاوەو هیچ ئاگای لە خۆی نەماوەو دەست دەگریت بە پوشیشەوە بۆئەوەی رزگاری بێت!! چونکە بۆ خۆیان وە بۆ ئەم نادادوەرەو بۆخەلك ڕۆشنە کە سوتانی مۆنۆمێنتەکە نەبۆتە هۆی سوتاندنو مردنی هیچ کەسیكو تەنها کەل‌وپەلەکانی ناوی سوتاوەو فەوتاوە. ئەوەی کە کوژراوەو بریندار بوە بە گوللەکانی هیزە میلیشیاییەکانی یەکیتی نیشتمانی بوەو ئەوان تاوانبارانی یەکەمن.

بەلام پاش 15 ساڵ لەدەسەلاتداریتی یەکێی لە کوردستانداو پاش 3ساڵ لەدوای ڕوخانی حکومەتی قەومی بەعس، بۆچی یەکیتی نیشتمانی کوردستان واز لە یاساکانی بەعس ناهێنێت؟! ئەگەر پێش ڕوخان بیانوی ئەوەی هەبوو کە لەترسی حکومەتی بەعسو هێرشەکانیەتی، ئەی ئەمڕۆ چ باسە؟! تۆبلێی لەترسی ئیسلامیەکان نەبیت چونکە ئەوانیش پێویستیان بەحوکمی ئیعدام هەیە! یاسای لە سێدارەدان، یاسای ئەو دەسەلاتانەیە، کە توانای ئەوەیان نیە موخالیفنی خۆیان قبوڵ بکەنو وەلام بە نیازی خەلك بدەنەوە ئەمە حەقیقەتیکی حاشاهەڵنەگرە. یەکێتی بەهێنانەوەی ئەم یاسای سزادانی سێدارەیە بۆ چەندین جار نیشانی دایەوە کە تەواوی ئەو پروپاگەندەو هەراو هوریایەی کە لەتەلەفیزیۆنو کەنالەکانی ڕاگەیاندنیو لەسەر زاری سەرکردەکانەییەوە بلاوی دەکاتەوە کە دژ

بەدیگتاتۆرییە، هەرهەمووی جگە لە بلقیکی سەر ئاو هیچی ترنیە. ئەمەش ئەوراستیەیە دەردەخات کە ناوەرۆکی ئەم دەسەلاتە دەسەلاتێکی سەرکوتگەرەو هیچ ناڕەزایەتیەکی خەڵکی پێ قبول ناکرێت، بەڵام لە ناوچەیەکی بچوکدا کە دەسەلاتی هەیە بەسەریدا!
خەڵکی کوردستان لەبەرانبەر دەسەلاتداریێتی هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، کە جگە لە شەڕی ناوخۆو کوشتن‌و تەقە لەخۆپیشاندەران‌و دەرکردنی بڕیاری لە سێدارەدان‌و کوشتنی ژنان‌و تیرۆرکردنی موخالیفی خۆیان هیچی نازانن، چاریکیان نەماوە جگە لەوەی کە ریزی خەباتی خۆیان لەم هیزانە جیابکەنەوە، لەدەوری ئاسۆو ئامانجیکی سیاسی تەواو جیاواز کە گشت داواو خواستەکانیان بۆجێبەجیبکات خۆیان یەکگرتوو ڕیکخراو بکەن. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق حزبی ئەو ئاوات‌و ئامانجانەیە.

2006/3/23